سودانی ڕێنمایی دەدات بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هونەریی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوە لە میکانیزمەکانی گواستنەوە و بارکردنی دەریایی



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمڕۆ پێنجشەممە، ڕێنمایی دا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هونەریی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوە لە میکانیزمەکانی گواستنەوە و بارکردنی دەریایی.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاند: "محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمڕۆ سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد سەبارەت بە ڕێکخستنی پرسەکانی گواستنەوەی دەریایی بە بەرهەم و دەرهاویشتە نەوتییەکان".

ئاماژەی بۆشکرد، کە لە میانی کۆبوونەوەکەدا، تاوتوێی ئەو میکانیزمانە کرا کە پێویستە پەیڕەو بکرێن بۆ زیادکردنی داهاتکان کە لە ئەنجامی کاراکردنی پەمپکردنی دەرهاویشتە نەوتییەکانەوە دەست دەکەون، هەروەها کاراکردنی چالاکییەکانی گواستنەوەی دەریایی و ئەو چارەسەرانەی کە بەشدارن لە خێراکردن و پڕۆپەدانی پرسەکانی بارکردنی کشتیە نەوت هەڵگرەکان و تێپەاندنی ئەو هەکارانەی کاریگەرییان لەسەر زیادبوونی ڕێتمی کار هەیە.

ئەوەشی خستەروو، کە کەبوونەوەکە تاوتوێی سەرجەم ئەو کارانەی کرد کە دەبنە هۆی پەرەپێدانی سیفی بەندەرکان؛ بە بەرزکردنەوەی کارایی پەمپکردن و بارکردنی بەرهەم نەوتییە هێنادەکراوەکان لە دەخە جیاوازەکانی کارپێکردندا.

سەرۆک وەزیران ئەنمایی دا، بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هونەریی تایبەتمەند بە لەکێنەوە لە میکانیزمەکانی بارکردن و گواستنەوە، بە مەرجێک لە ماوەی چەند هەفتەکدا ڕاسپاردەکانی پێشکەش بکات؛ بە ئامانجی بەشداریکردن لە زیادکردنی کارایی گواستنەوە و هێنادەکردن